
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
# پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)
دەورەی دووەهەم– ژمارە۴۴۹–نیوەی دووەمی گوڵان ۱۴۰۲–مەی ۲۰۲۴

## مەرگی "جەلادی ٦٧"، دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی جەماوەریی



## خەباتی ژنانی بوێر و ئازادپۆش، ئاڵەنگاری گەورەی بەردەم ڕژیمی ئیسلامی





## لە چواردەهەمین ساڵیادی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوبەندەکانی دا




### سەروتار

## کوژرانی جەلادی ٦٧، کێشەکانی ناخۆی ڕژیم پەرە پێدەدات

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی گوڵانی ١٤٠٣، هەلیکۆپتەری هەڵگری ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران و حوسێن ئەمیر عبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوەی ڕژیم، لە باشووری ناوچەی وەرزەقان لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، تووشی ڕووداو بووە. ڕەئیسی لەگەڵ شاندێک لە وەزیران و بەشێک لە بەرپرسانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بەمەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی تەواوبوونی پڕۆژەی هاوبەشی بەنداوی قیزقەلعەسی لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان لەسەر ڕووباری سنووری ئاراس، سەردانی ئەو ناوچەیەی کردبوو. هەروەها ئیلهام عەلیۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجانیش لە مەراسیمی تەواو بوونی پڕۆژەی بەنداوی قزقەلعەسی ئامادەبوو. سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین کاتژمێر بەسەر ڕووداوەکەدا، بەڵام هیچ هەواڵێکی باوەڕپێکراو سەبارەت بە چارەنووسی ئیبراهیم ڕەئیسی و هاوڕێکانی لەبەردەستدا نەبوو. میدیاکانی حکوومەت ڕاپۆرتی دژبەیەکیان لەسەر ئەم ڕووداوە بڵاو دەکردەوە. سەرەتا دەوترا کەش و هەوا تەماویی و ناجێگیر بووە، کۆپتەرەکە نیشتۆتەوە و ئیبراهیم ڕەئیسی و شاندەکەی یاوەری بە ڕێگای زەویدا بەرەو تەورێز بەڕێکەوتوون. بەڵام دوای کاتژمێرێک هەواڵەکە گۆڕا و باس لەوە کرا کە کۆپتەری هەڵگری ئیراهیم ڕەئیسی لە نزیک وەرزەقان کەوتۆتە خوارەوە. دوای ئەوە سەرچاوە هەواڵییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم بە بەردەوامی هەواڵی دژبەیەکیان بڵاو دەکردەوە سەرەنجام بە هاوکاریی فرۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیە، شوێنی کەوتنەخوارەوەی کۆپتەرەکەی هەڵگری ڕەئیسی و هاوڕێکانی، واتە حوسەین ئەمیر عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوە، ئیمام جومعەی تەورێز، پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و فرۆکەوان و پاسەوانەکانیان، لە کاتژمێرەکانی سەرەتای سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گوڵان دۆزرایەوە، لە کاتێکدا کە تەرمی سەرنشینەکان بە تەواوی سووتابوون. دواکەوتنی نائاسایی دۆزینەوەی شوێنی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی ڕەئیسی و هاوڕێکانی و لێدوانی جیاواز و دژ بەیەکی بەرپرسانی ڕژیم، گومانی سەبارەت بە چۆنیەتی و هۆکاری ئەم ڕووداوە دروست کردووە. خامنەیی لە کاردانەوە بەرامبەر بەم ڕووداوە، دەستبەجێ لە کۆبوونەوەی هەیئەتی دەوڵەتدا بەشداری کرد و دواتر لە کۆڕی ئەو بەرپرسانەی سپادا کە سەردانیان کردبوو، سەبارەت بەم ڕووداوە وتی: “خەڵکی ئێران نابێت نیگەران بن، هیچ گرفتێک لە کارەکانی وڵاتدا دروست نابێت“. لەم بابەتەوە سیناریۆی جۆراوجۆر باس دەکرێت، وەک ئەوەی کە کەوتنەخوارەوەی ئەم هەلیکۆپتەرە ڕووداوێکی سادە نییە،

بەڵکوو پێدەچێت بەشێک بێت لە نەخشەڕێگای هەنگاو بە هەنگاوی سپای پاسداران بۆ سەردەمی دوای خامنەیی؟. بێگومان بەم نزیکانە ڕاستییەکانی پشت ئەم ڕووداوە ئاشکرا دەبن، بەڵام سروشتی ئەم ڕووداوە هەرچییەک بێت، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ئیبراهیم ڕەئیسی یەکێکە لە بەدناوترین

سەرۆککۆمارەکانی ڕژیم لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا. ئەمڕۆ ئیتر لەلای خەڵکی ئێران، “جەلادی ٦٧” بۆتە پاشگری ناسنامەی سیاسی ڕەئیسی. ژیاننامەی سیاسی ناوبراو، پڕە لە جینایەتی ترسناک کە بە تایبەتی

**درێژە لە لاپە ڕە ی ٢**

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٩-نیوەی دووەمی گوڵان ١٤٠٢ -مەی ٢٠٢٤

## درێژەی سەروتار



لە کاتی قەتڵی عامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ ئەنجامی داوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی ڕژیم بەشێوەیەکی بەرچاو لە شەقامەکانی تاراندا ئامادەییان هەیە بۆ ئەوەی پێش بگرن لە ئەگەری هەر چەشنە کاردانەوەیەکی جەماوەر بەرامبەر بە هەواڵی مردنی ڕەئیسی. هەندێک لەو گرتە ویدیۆیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە یاری ئاگرین خۆشحاڵی خۆیان سەبارەت بە هەواڵی مەرگی "جەلادی ٦٧" دەربڕیوە. هاوکات ئاژانسی هەواڵی ئەمنییەتی تەسنیم ڕایگەیاند کە، داواکاری گشتی تاران هۆشداری داوەتە هەندێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە "هەواڵی ناڕاست"یان لە بارەی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەوە بڵاوکردووەتەوە

مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧، بیرهێنەرەوەی یەکێکە لەو جینایەتە ترسناکانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چووە. لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا ڕژیمی ئیسلامی دەستیدایە جینایەتێک کە ئاسەوار و بەڵگەنامەکانی، ئەوپەڕی دڵڕەقی و وەحشیگەری دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامی نیشان دەدەن. خومەینی و ڕاوێژکارەکانی کە لە دوای شکستی ڕژیم لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، نیگەرانی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوون، بە ئامانجی چاوترسێن کردنی جەماوەری بێزار و وەگیان هاتوو لە دەست شەڕ و نەهامەتی ئابووری، پلانی کوشتاری زیندانییەکانیان دارشت. پڕۆژەی قەتڵی عام و کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران، ڕۆژی هەینی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٧، تەنیا ڕۆژێک دوای خواردنەوەی جامی ژەهری قبوڵکردنی ئاگربەست لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا، بە فەرمانی خومەینی ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی، دەستی پێکرد. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی دامەزرێنەری حکوومەتی ئیسلامی، هەیئەتێک بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جینایەتە دیاریکرا کە دواتر بە هەیئەتی مەرگ ناسرا. یەکێک لە ئەندامانی "هەیئەتی مەرگ"، ئیبراهیم ڕەئیسی، جێگری ئەوکاتی داواکاری گشتی وڵات بوو. ئەو هەیئەتە لە ماوەی دوو مانگدا هەزاران زیندانی سیاسی لە ناو زیندانەکاندا گوللەباران کرد یان لەسێدارەی دان. ئیبراهیم ڕەئیسی کە زستانی ٩٧ بە فەرمانی عەلی خامنەیی وەک بەرپرسی دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی دەستنیشان کرا و دواتر و تا کاتی ئەم ڕووداوە پۆستی سەرۆککۆماری بەدەستەوە بوو، لە نێو ئەندامانی "هەیئەتی مەرگ"ی ئێعدامەکانی ساڵی ٦٧دا، بە بەرزترین پۆست گەیشتبوو. ئێستا بە مەرگی ڕەئیسی، بەداخەوە خەڵکی ئێران ئیمکانی ئەوەیان نەماوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک یەکێک لە جینایەتکارانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧، بیکێشنە پای مێزی محاکەمە و دادگایی بکەن. بەڵام بەدەر لە پێشینەی ئیبراهیم ڕەئیسی و هاوڕێکانی، ئەم ڕووداوە بە مەبەست بووبێت یان بە ڕێکەوت، نەک هەر قەیرانی دەسەڵات لەناو دەزگای ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامیدا کۆتایی نایەت، بەڵکوو قووڵتر دەبێتەوە و ئەگەری ڕوودانی ڕووداوگەلێکی توندوتیژی دیکەی لەم چەشنە لە داهاتوودا، دوور لە چاوەڕوانی نابێت

****

# بوێری بنەماڵەی دادخوازان، ئیلهامبەخشە



دوابەدوای کوژرانی ڕەئیسی جەلادی ٦٧، ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی جۆزەردان، بنەماڵەی دادخوازانی کوردستان بەیاننامەیەکیان ڕوو بە دادخوازانی سەرتاسەری ئێران سەبارەت بە درێژەی دادخوازی بڵاوکردەوە. ئەوان لە بەیاننامەکیاندا جەختیان کردەوە کە نابێ مەرگی ڕەئیسی، ببێتە هۆی دامرکانەوەی ئاگری خەبات لەپێناو بەدیهێنانی داخوازییەکانی دادخوازان. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە پێویستە دادخوازانی دەیەی شەست و دادخوازانی شۆڕشی ژینا، یەکگرتووانە بۆ بەدیهێنانی ویست و داواکارییەکانیان، کە یەکێک لەوانە بریتییە لە هێنانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی محاکمەیەکی عادڵانە. ئەم هەڵوێست و ڕێنماییە یەکسانە لەگەڵ هەڵوێستی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بە جیاوازییەکی زۆر گرنگەوە. ئەویش ئەوەیە کە بەردەنگی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، بریتییە لە خاوەن دەسەڵاتەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بەڵام بەردەنگی دادخوازانی کوردستان، جەماوەری ئازادیخواز و خاوەن دەسەڵاتەکانی سبەینێیە. ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ئایار، بەرامبەر بە ٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، نووسیبووی کە مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسی نابێت خەڵکی ئێران لە مافی دادپەروەری و بەدەستهێنانی ڕاستی و قەرەبووکرانەوە بەهۆی ئەو جینایەتانەی کە ناوبراو کردوویەتی، بێبەش بکات. دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر ئێستا ڕێگەیەک بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو جینایەتانە بدۆزێتەوە. لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: "دەبوو تا ئەو کاتەی کە ئیبراهیم ڕەئیسی لە ژیاندا بوو، وەک جینایەتکارێک، بە تاوانی جینایەت لەدژی مرۆڤایەتی، کوشتن، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و ئەشکەنجەدان، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرایەت". بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە، بنەماڵە دادخوازەکانی دیکەش بەرامبەر بە مەرگی بکوژی منداڵەکانیان کاردانەوەیان هەبوو

گەوهەر ئیشقی، دایکی سەتار بەهەشتی، لە هەژماری خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، بڕگەیەک لە شیعرێکی حافزی دانا و لەم پێوەندییەدا نووسیی: "چارەنووسی حاکمی ستەمکاری مێژوو، دەتوانێت وانەیەک بێت بۆ ئەوانی تر". یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی گەنجێکی کە لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژرا، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کە "ڕەئیسی بکوژێک بووە و فەرمانی کوشتنی بۆ زۆرێک لە منداڵەکان دەرکردووە". یەکێک لەو کەسانەی کە لە کاتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا کوژران، مینوو مەجیدی دایکێکی تەمەن ٦٢ ساڵ بوو کە لە لەنزیکەوە بە گوللەی هێزە ئەمنییەکان کوژرا. کچەکانی گرتەیەکی ویدیۆیی خۆشحاڵی خۆیان سەبارەت بە هەواڵی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری هەڵگری ڕەئیسی بڵاوکردەوە. مەهسا یەکێک لە کچەکانی مینوو مەجیدی نووسیویەتی: ئێمە دڵخۆشین چونکە ئەوان بکوژ بوون. ڕەئیسی فەرمانی کوشتنی دایکمی دا و حسەین عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوە، بوونی گیانبەختکردووانی ئێمەی ڕەتکردەوە. دەزانم کە دڵخۆش بوون بە مەرگی کەسێک دروست نییە، بەڵام ئەوان دژی مرۆڤ بوون. پیرۆزبایی لە سەرجەم بنەماڵەی گیانبەختکردووان و خەڵکی ئێران دەکەم. ژن، ژیان، ئازادی." هەروەها بەشێک لە هاووڵاتیانیش بە ئاشکرا سەبارەت بە کوژرانی بکوژی ٦٧ ڕای خۆیان دەربڕیبوو. لەیلا، خوێندکارێکی تەمەن ٢١ ساڵ لە تاران، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند کە بەداخەوە نییە بۆ مەرگی ڕەئیسی، "چونکە ناوبراو فەرمانی سەرکوتکردنی ژنانی ئازادپۆشی دەرکرد". ڕەزا، دوکاندارێکی تەمەن ٤٧ ساڵە لە شاری یەزد، کە بە هۆی ترس لە سەرکوت، ناسنامەی تەواوی خۆی ئاشکرا نەکردووە، دەڵێت: کێ گرنگی بە جینایەتکارێک دەدات کاتێک دەمرێت؟

ئەو دادخوازانەی کە لە بنەڕەتدا پشتبەستوون بە خەبات و خۆڕاگری دایکانی داغدار و بوێر، پێویستە بە بەشێک لە بزووتنەوەی ژنان هەژمار بکرێن. ئەوان دوای مەرگی ڕەئیسی بە لێدوانی بوێرانە و ئاشکرا دژ بە ناوبراو و شاندەکەی یاوەری، نیشانیان دا کە یەکێکن لە هێما درەوشاوەکانی زیندوویی شۆڕشی ژینا. ئەم دادخوازانە سەرەڕای هەڕەشەی توندی کاربەدەستانی قەزایی و ئەمنییەتی، بە ئاشکرا هێرشیان کردووەتە سەر ڕەئیسی و ئاغاکەی، واتە خامنەیی و وتوویانە کە نە خۆی و نە دام دەزگاکەی زۆر دەوام ناهێنن. ئەم ورەی خەباتکارانەیە، جارێکی تر بە ڕوونی دەریخست کە سەرجەم هەوڵەکانی ڕژیم بۆ زاڵکردنی ترس و تۆقاندن، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە. دادخوازانی کوردستان، جگە لە نیشاندانی بوێری، بەوپەڕی وشیاری سیاسییەوە، قامکیان خستووەتە سەر خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی بزووتنەوەی دادخوازی، کە بریتییە لە پرشوبڵاوی و نایەکگرتوویی. ئەوان سەرجەم دادخوازانی دەیەی شەست و ناڕەزایەتییەکانی زستانی ٩٦ و پاییزی ٩٨ و شۆڕشی ژینایان لە سەرتاسەری ئێران بانگهێشت کردووە کە لەپێناو بەدیهێنانی ویست و داواکارییەکانیاندا بەشێوەیەکی یەکگرتووانە خەبات بکەن. ئەم بانگەوازە لە بارودۆخی ئێستادا، یەکڕیزی و ڕێکخراو بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و خەباتکارەکان، دەکات بە پێویستییەکی خێرا و هەنووکەیی. ئەم بابەتەش پێکهاتنی ئاڵترناتیڤی جەماوەری و لەخوارەوە لە هەمیشە بەهێزتر دەکات. لەسەر ئەم بەستێنە، پێویستە لەسەر پێویستی یەکڕیزی و لێک نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری بزووتنەوە ئازادیخواز و یەکسانیخواز و عەدالەتخوازەکان، جەخت بکرێتەوە

# بەرز و بەڕێز بێت ساڵیادی مانگرتنی گشتی ٢٣ی گوڵانی ٨٩

**ئامادە کردنی: پەیمان**

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵان، ساڵیادی مانگرتنی شکۆداری گشتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو. ١٤ ساڵ لەمەوبەر لەوەها ڕۆژێکدا، لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی درەوشاوەی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان هەڵدرایەوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە باکوور تا باشوور، وەڵامی بانگەوازی مانگرتنی گشتیان دایەوە و لە حەرەکەتێکی هاوئاهەنگ و لێبراوانەدا، دەنگی زوڵاڵی خۆیان دژبە ئێعدامی « فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، مێهدی ئیسلامیان، شیرین عەلەم هولی و فەرهاد وەکیلی» بەرز کردەوە و کوردستان شاهیدی مانگرتنێکی یەکگرتوانە بوو. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەگەڵ پشتیوانی و هاوئاهەنگی حیزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و پێشوازی و هاوڕێیەتی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێران بەرەوڕوو بووە. کرێکارانی کارگەکان و ناوەندەکانی بەهەرمهێنان و خزمەتگوزاری، مانیانگرت. کاسبکارانی بازاڕ دوکانەکانیان داخست، کارمەندەکان لەبەشە دەوڵەتی و خسووسییەکان نەچوونە سەر کارەکانیان، خوێندکاران لە مەدرەسەکان و زانکۆکان کلاسەکانی دەرسیان تەعتیل کرد بڕیاری ئێعدامی « فەرزاد کەمانگەر» و ٤ تێکۆشەری سیاسی بەندکراو، لە سەرووترین ئاستی حکوومەتیدا و لەلایەن شەخسی خامنەییەوە دەرچووبوو. هەڵبژاردنی ساڵیادی سەفەری خامنەیی بۆ پارێزگای کوردستان، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جینایەتە، بە هەڵکەوت نەبوو. چەند ڕۆژ پێشتری، بەرپرسانی ڕژیم، لە پارێزگای کوردستان، بە شار و دێهاتەکاندا دەگەڕان و تەبلیغی ساڵیادی هاتنی خامنەیی‌یان بۆ کوردستان دەکرد و وەکوو «مانگی گوڵانی بۆن خۆش» ناویان لێ دەبرد و بەمجۆرە زەمینەی خوڵقاندنی ئەم کارەساتەیان خۆش دەکرد. بەرپرسانی ڕژیم بەباشی، دەیانزانی کە یەک ساڵ دوای سەفەری پڕ هەراوهوریای خامنەیی بۆ پارێزگای کوردستان، کاربەدەستانی ڕژیم نەک هەر نەیانتوانیوە وەڵامی بێزاری خەڵک بدەنەوە، بەڵکوو زیاتر لە جاران تەریک کەوتۆتەوە بەرپرسانی ڕژیم ڕێک لە ساڵیادی ئەم سەفەرەدا، پلانی « گوڵانی خوێناویان » داڕشت و بە ئاکامیان گەیاند. دەرکردنی حوکمی کوشتنی لاوان لەلایەن خامنەییەوە نیشانیدا، ئەوەی بەناوی « گوڵانی بۆن خۆش» بیریان لێ کردبۆوە، لایەنێکی دیکەی هەر ئەو سیاسەتەیە کە ساڵێک پێشتر گرتبوویانە بەر

* بەڵام مانگرتنی گشتی ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ هەمووحیساباتەکانی ڕژیمی جینایەتکاری تێکدا

کوشتنی پێنج لاوی زیندانیی سیاسی نەک نەیتوانی خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکات بەڵکوو، ئاوری تووڕەیی ئەوانی، بڵێسەدارتر کرد. خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە ئەگەر هیوایەک بۆ نەجاتی گیانی ئازیزانی دیکەی ئەسیری دەستی ڕژیمیان هەبێ، هەر لەم ڕێگایەوە تێپەڕ دەبێت. مانگرتنی گشتی ٢٣ی مانگی گوڵان، وڵامێکی ددان شکێن بوو کە خەڵکی کوردستان بە خامنەیی و بە سەرجەم ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان دایەوە. ئێعدامی ئەم پێنج تێکۆشەرە ئەسیرە، شەپۆلێک لە نەفرەت و بێزاری لە دژی ڕژیم لەناو خەڵکی کوردستان و سەراسەری ئێران و لە ئاستی جیهانیدا خستە ڕێ. ئەم حەرەکەتە بەربڵاو و لێبراوانەیە کە ڕێک لەکاتی پێویستی خۆیدا بەڕێوە چوو، نیشانیدا کە ڕژیم تووشی چ هەڵەیەک بووە، لەوەدا کە ئاستی کاردانەوەی جەماوەری بە کەم گرتووە. خەڵکی کوردستان نیشانیاندا کە پەلامار بردن بۆسەر گیانی ڕۆڵەکانی ئەسیری ئەوان هەزینەیەکی قورسی بۆ خامنەیی و داروودەستەکەی لەناو حکوومەتدا دەبێت. بەم حەرەکەتە ڕژیم ئەو ڕاستییەی لێ حاڵی بوو کە ناتوانێ زیندانیانی سیاسی یەک بە یەک و دەستە دەستە ئێعدام بکات بۆ ئەوەی جەماوەری لە دەرەوەی زیندان پێ بترسێنێت و خۆی لە دەرئەنجامەکانی دەرباز بکات. کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز و خەباتکار لە کوردستان و لە سەراسەری ئێران، لاوانی ئەسیری خۆیان لە داوی ئەو ڕژیمەدا بەتەنیا بە جێنا هێڵن

مانگرتنی یەکگرتوانە، ڕێکخراو و بوێرانەی خەڵکی کوردستان نیشانیدا کە ئەو دەورانە تێپەڕیوە کە بە فەرمانی خومەینی پێنج هەزار زیندانی سیاسی لە ماوەی ٢ مانگدا لە ساڵی ١٣٦٧ ئێعدام بکرێن و خەڵکی ئازاردیتوو لەشەڕ و لە دیکتاتۆریەتی ڕژیم ئیمکانی کاردانەوەیەکی بەربڵاو و بەهێزیان نەبێت. مانگرتنی گشتی لە کوردستان و پەرەسەندنی بۆ هەندێک لە شارەکانی دەوروبەری پارێزگا کوردنشینەکان، کە هاوەدەردیەکی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی لە باقی شوێنەکانی ئێران بەشوێنەوە بوو، نیشانیدا کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لاوانی ئەو خەڵکە لە زیندانەکاندا لە مافی ژین بێبەش کات و خۆی وەکوو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت



بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم مانگرتنە گشتیە پێوەندی خۆی لەگەڵ خەباتی سەراسەری کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران پتەوتر کرد. خرۆشی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی ئەم مانگرتنە یەکگرتوانە و لێبراوانەیە بە گوێی هەموو خەڵکی ئێران و جیهان گەیشت. ئەم حەرەکەتە بە دوژمنی نیشاندا کە نوقمی چ دەریایەک لە نەفرەت و بێزاری خەڵک بووە لە حاڵێکدا کە خۆپێشاندانی سەر شەقامەکان بەرامبەر بە وەحشیگەری ڕژێمێکی بریندار لە ڕووی زیانی ئینسانیەوە هەزینەیەکی زۆری هەبوو، مانگرتن وەکوو شکڵێک لە دەربڕینی ناڕەزایەتی کە تێیدا دروشم و سیاسەتەکانی لە ڕێگەی کردەوەیەکی گشتی و جەماوەری دەبێت بە هێزێکی ماددی، ڕێگایەکە بۆئەوەی ڕژیم بکێشێنێتە جەرگەی شەڕێکی فەرسایشی و زەوینگیری بکات و زەمینەی هەڵگرتنی هەنگاوەکانی دوایی خۆش بکات. خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی تاکتیکی مانگرتنی گشتی ئیمکانی حەرەکەتی هێزەکانی دوژمنیان بەرتەسک کردەوە و ڕێگای پووچەڵ کردنەوەی توانایی هێزی سەرکوتگەری ڕژیمیان بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران نیشاندا

نمونەکەشی لە ئاخێزەکانی دواتر و بەتایبەت لە ئاخێز و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، کە دوای کوشتنی جەنایەتکارانەی" ژینا ئەمەینی" لە کوردستان و لە سەرتاسەری ئێراندا کەوتە ڕێ، دەتوانین ببینین

لە ساڵیادی ئەم ڕۆژە شکۆدار و مێژوویەدا یادی «فەرزاد کەمانگەر» و هاو زەنجیرانی کە دلێرانە بەرامبەر بە دوژمنی هار و دەڕەندە خۆڕاگرییان کرد و گیانی خۆیان لە پێناوی ئەم خۆڕاگرییەدا دانا و سەرجەم گیانبەختکردوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێز لێدەگرین و درووود دەنێرین بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان کە بەمجۆرە و بە شێوەیەکی وەها شکۆدار ڕێزیان لە ڕۆڵە گیانبەختکردووەکانیان دەگرن

****

# بەرز و بەڕێز بێت یادی قوربانیانی شیمیابارانی مقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە لەلایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە



ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی گوڵان ساڵڕۆژی بۆردومانی شیمیایی مقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە بوو لەلایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە. ئێوارەی ٢٥ی گوڵانی ساڵی ١٣٦٧، مقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە هەڵکەوتوو لە دۆڵی بوتێ لە ٢٠ کیلۆمەتری باکووری شاری ڕانیە لە کوردستانی عێراق، کرایە ئامانجی بۆردومانی شیمیایی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژیمی جینایەتکاری بەعسی عێراق. لەم هێرشە جینایەتکارانەیەدا ٢٣ ئەندام و کادری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە گیانیان لەدەستدا و نزیکەی ١٥٠ کەسیش بریندار و ژەهراوی بوون. ئەم هاوڕێیانە لە زومرەی شایستەترین و تێکۆشەر ترین پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی ئێران و سیما ناسراو و دێرین و خۆشەویستەکانی ناو جەماوەری خەڵک بوون. ئەوان لە دژی ستەم و چەوساندنەوە و بێ مافی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، لە دژی شەڕ و جینایەتەکانی سەرچاوەگرتوو لەو ستەم و بێ مافیانە و دیفاع لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان، ڕاپەڕین و هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کرد لەپێناو خەباتێکی لێبڕاوانە لە دژی نیزامی سەرمایەداری و سەرجەم ئازار و نەهامەتی و ستەمەکانی ئەو نیزامە ئەو ئازیزە گیانبەختکردووانە لە زومرەی ئەو ئینسانە خاوەن بیروباوەڕ و ئازادیخوازانە بوون کە بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە، پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، پێکەوە و شانبەشانی یەکتر، بە تەحەمول کردنی مەترسییەکی زۆر، لە ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە و هەروەها ڕادیۆ دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خەریکی کار و چالاکی بوون. ئەوە یەکەمجار نەبوو کە مقەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق ببێتە ئامانجی هێرشی ئاسمانی یان تۆپخانەی ئەرتەشی عێراق. پێشتریش چەندین جار مقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە ناوچەی "مالومە" و هەر لەو دۆڵی "بوتێ"یەش، کەوتبوونە بەر هێرش و پەلامار. ئەو شوێنانە لەزمرەی ئەو ناوچانە بوون کە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکوومەتی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون و هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی دژبەری ڕژیمی عێراقی تێدا جێگیر ببوون. ڕژیمی عێراق بە گوشار خستنەسەر کۆمەڵە لەو ناوچانە، دەیویست ناچارمان بکات کە شوێنی هێزە چەکدارەکانمان لە ناوچە ئازادەکانەوە بگوازینەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سپاکەی خۆی و پەیوەندییەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی ئێران و عێراق بپچڕێنێت. هەڵسەنگاندنی ڕێبەریی کۆمەڵە لەو کاتەدا ئەوە بوو کە تا ئەو کاتەی کە ناوچەیەکی ئازاد لە کوردستانی عێراقدا بمێنێ، نابێت مقەڕەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق. ئەوە هەڵوێستێکی سیاسی بوو کە خزمەتی دەکرد بە پرسی خۆڕاگری لە بەرامبەر ڕژیمەکانی کۆماری ئیسلامی و بەعسی عێراق. ئەم سیاسەتە هەروەها درێژەی سیاسەتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو سەبارەت بە شەڕی ئێران و عێراقیش. سیاسەتێکی کە ئەو شەڕەی لە هەردوو لاوە، بە شەڕێکی کۆنەپەرستانە دەزانی و خوازیاری ئەوە بوو کە دەستبەجێ کۆتایی پێبێت. جێگیربوونی مقەڕەکانی کۆمەڵە لەو ناوچانە ببووە هۆی ئەوەی کە ئێمە بە کردەوە ببینە هاوچارەنووسی خەڵکی کوردستانی عێراق و ئەو هێزانەی کە لەدژی ڕژیمی بەعس، شەڕیان کرد خەڵکی ناوچەی ڕانییە ئەو ڕۆژە هەرکە ئاگاداری هێرشی بەعس بۆ سەر مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە بوون، سەرەڕای ترس و خۆفێك کە ڕژیمی عێراق نابوویەوە، جەماوەری خەڵك بەهەموو هێز و توانا و ئیمکاناتی خۆیانەوە بەهانای کۆمەڵەوە هاتن. بریندارەکان و کەلوپەلیان لەگەڵ دەگواستینەوە. بەشوێن هاوڕێیانی بێسەروشوێندا دەگەڕان، خۆراك و پێداویتسیان بۆ دابین دەکردین. ماشین و ئامێرەکانی گواستنەوەیان دەخستە ئیختیارمانەوە و بەمجۆرە شانۆیەکی شکۆداریان لە هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان بۆ کۆمەڵە نیشاندا و سەلماندیان کە کۆمەڵە بە هی خۆیان دەزانن. لەهەمان کاتدا زۆرێك لە پزیشك و دەرمانخانەکانی شاری سلێمانیش سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی دەوڵەتی بەعس، بەنهێنی کەوتنەخۆ بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ دەرمان کردن و چارەسەرکردنی بریندارەکان. هاوپشتی و هاوسۆزی بێ دریغی خەڵکی کوردستانی عێراق و بەتایبەت خەڵکی ڕانیە و گوندەکانی ئەو دەڤەرە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو ڕۆژەدا، وەک یادەوەرییەک هەرگیز لە بیر و مێشکدا ناسڕێتەوە

**ناوی ئەم ئازیزانە بریتی بوون لە**

- **ئیسماعیل مستەفا زادە**
- **ئەحمەد محەممەدی**
- **بایەزید بەیاز**
- **پەرویز تاجوانچی**
- **حسێن سیگاری**
- **سەعید محەممەدی**
- **جەلال پێنجوێنی**
- **فریشتە ڕەزایی ناسراو بە ”زوهرە“**
- **عەبدوڵا هوشیاریان**
- **عەلی حەسەن محەممەدی ناسراو بە ”تەهموورس“**
- **فەرەنگیس شاهۆیی**
- **کەریم عەبدوڵاپوور**
- **کەریم جەنەتی**
- **مریەم مەجنوون ناسراو بە ”سەعادەت“**
- **کەماڵ ڕەزا نژاد**
- **کەیوومەرس مۆهاجر ناسراو بە ”جەبیار“**
- **مەنووچێهر مەحموودیان ناسراو بە ”مورتەزا“**
- **محەممەد ڕەسووڵی خۆش سفەت ناسراو بە “حەمە بازووکە”**
- **محەممەد عومەر عەلی ناسراو بە “حەمەی ئا جیکە نـد ”**
- **نادر قازی زادە ناسراو بە ”ئازاد“**
- **ناسێح مەردۆخ**
- **وەفا تووتنچی**
- **حامید مۆدەڕەسی**

**ناوی ئەم ئازیزانە لەمێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و کوردستان دا بۆ هەتاهەتایە دەدرەوشێتەوە.**

**ئەمڕۆ کڵگۆی ئەم پۆلە لە ژنان و پیاوانی ماندوو نەناس و خەباتکاری کۆمەڵە و حیزب کۆمۆنیستی ئێران لە شوێنی گیانبەختکردنیاندا، بۆتە ژوانگەیەک بۆ نوێکردنەوەی پیمان لەگەڵ ئامانجە بەرز و ئینسانییەکانیان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ بنەماڵە سەربەرزەکانیان.**

****

# کۆماری ئیسلامی لە دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵکدا هیچ سنوورێک ناناسێت

ئەم ڕۆژانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕن لە وێنە و ویدئۆی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان مەئموورانی ڕژیمی ئیسلامی و ژنانی ئازادیخواز و ئازادیپۆش لە شارەکانی ئێران و بە تایبەت شاری تاران. لەم وێنانەدا لە لایەک ئاستی وەحشیگەری مەئموورانی جینایەتکاری ڕژیم دەبینین و لە لایەکی ترەوە شاهیدی خۆڕاگریی بوێرانەی ژنانی خەباتکار لە بەرامبەر هێرشی مەغوڵ ئاسای بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامیداین. بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەیبینین، ڕووداوگەلێکی جیا لە یەک و کتوپڕ نین و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی دژە خەڵکی ئەم ڕژیمە. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەو بە دەگمەن نیزامە سیاسیانەی سەردەم کە نزیکەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، هەموو بیروباوەڕە سیاسییەکان، هەموو کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و هەموو گرووپە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی کردۆتە نەیار و دوژمنی خۆی. لەگەڵ هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی لە زیاتر لە چوار دەیە لەمەوبەر، سەرەتا سەرکوت و کوشتاری لایەنگران و پاشماوەکانی ڕژیمی شا دەستی پێکرد و هەرچی لە توانایدا بوو کوشتی و یان دەستی بەسەر ماڵ و سەروەت و سامانەکانیاندا گرت و ئاخووندە ورد و دەشتەکان، یەکشەوە بوونە کۆشک و تەلارنشین. کوردستان، تورکمان سەحرا، بەندەر ئەنزەلی و کۆمۆنیستەکان، ئامانجی شەپۆلی دووەمی تیرۆر و کوشتارەکان بوون. ئەوان ڕێبەرانی خەڵکی تورکمان سەحرایان لە سێدارە دا. خومەینی فەرمانی جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد. چل ساڵ کوشتن و سەرکوتکردن لە کوردستان هەروا بەردەوامە. ژنان و سەپاندنی بێ مافی بەسەریاندا، بوو بە شوناس و هۆکاری بوون و مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی. هەنگاوی یەکەم، بە سەپاندنی حیجابی ئیجباری و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی ماڵدا و دواتریش دەرکردنی یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانە و هەڵوەشاندنەوە و لێسەندنەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە پێشووتر ژنان بە دەستیان هێنابوو، خرایە دەستووری کاریانەوە. ئەم سەرکوت و توندوتیژیانە لە بەرامبەر خۆڕاگریی ناوازەی ژناندا هەروا بەردەوامە و لە ڕاستیدا خەبات و خۆڕاگریی ژنان لە دژی یاسا و ڕێسا کۆنەپەرستانە و سەدە ناوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی، کە ئاپارتایدێکی جنسی بەتەواو مانایە، خاڵی لاواز یان بە واتایەکی تر، "پاژنە ئاشیلی" ڕژیمی ئیسلامییە

کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و بە تایبەت بەهاییەکان و خەڵکی کورد، کرانە ئامانج. سەرکوتی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بە دڕندانەترین شێوە بەڕێوەچوو. پرۆژەی بەتەواوەتی لەناوبردنی فیزیکی و سیستماتیکی بەهاییەکان خرایە دەستووری کاریانەوە و تەنانەت گۆڕستانەکانیشیان لەم وەحشیگەرییە بێبەری نەبوون. کوشتار و سەرکوتی کۆمۆنیستەکان بێ پسانەوە، بەردەوام بوو و دواتر هەڵسووڕاوان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهیدین، کە چەند ساڵێک لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی بوون و پشتیوانییان لێکرد، کەوتنە بەر ئەو شەپۆلە و لە ساڵی ١٣٦٧دا ئەم کوشتارە گەیشتە لوتکە و هەزاران زیندانی سیاسی، لە زیندانەکاندا لە سێدارە دران. ڕژیم کە بە بەڵێنی یارمەتیدان و پشتگیری لە "چین و توێژە ستەم لێکراوەکان" هاتبووە سەر کار، کرێکاران و زەحمەتکێشانی لەگەڵ هەژاری و بێبەشییەکی بێوێنە بەرەوڕوو کردەوە. بێکاری، گرانی، نەبوونی ئاو و کارەبا، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و سەرکوتی ڕێبەرانی کرێکاریی، دیاری نیزامی ئیسلامی بوو بۆ ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێش. زانکۆکان داخران و بە ئیسلامی کران، ناوەندە ئایینییەکان، تەنگیان بە زانکۆ و دامەزراوە زانستی و پەروەردەییەکان هەڵچنی، سەدان مامۆستای زانکۆ لە کارەکانیان دوورخرانەوە و هەزاران خوێندکار بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە خوێندن بێبەش کران. بیرجیاوازان، نووسەران، شاعیران، هونەرمەندانی سینەما و شانۆ و مۆسیقا، هەموویان لەگەڵ گوشاری لەڕادەبەدەری دەزگای سانسۆر و لێپێچینەوە لە جۆری بیروباوەڕ، بەرەوڕوو بوونەوە و ژنان لە بواری ئاواز و گۆرانی، دوورخرانەوە. ژینگەی ئێران بەهۆی سیاسەت و بەرنامە زیانبارەکانی دەسەڵاتدارانی ئیسلامییەوە، گەیشتە لێواری لەناوچوون و چالاکانی ژینگەپارێز، بە بیانووی بێ بنەمای سیخوڕی، تیرۆر کران، لە سێدارە دران و یان کەوتنە زیندانەوە

ڕۆژنامە سەربەخۆکان یەک لە دوای یەک داخران، ڕۆژنامەنووسەکان ڕەوانەی زیندان کران یان ناچار کران وڵات بەجێبهێڵن. کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە دوای داخستنی هەموو ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەرەکان، هێرشیان کردە سەر فەزای مەجازی و ئینتەرنێت و پێنج ملیۆن سایتیان بلۆک کرد. پارێزەرانی سەربەخۆ و دامودەزگاکانی مافی مرۆڤیان وەک دوژمنی ڕژیم پێناسە کرد و ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی مافەکانی مرۆڤ، دامەزراوە حقوقی و پارێزەرە شەریف و ئازادیخوازەکانیان زیندانی، خانەنشین و یان ناچار بە تەرکی وڵات کرد. جووتیاران، ئاژەڵداران، بەرهەمهێنەرانی بچووک و ئەو خەڵکە بازارییەی کە کار و کاسبییەکانیان پشت بەستووە بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بەهایەکی دراوی جێگیر، تووشی مایەپووچی و ئیفلاس کرد. خانەنشینان، کە پێویستە لە ژیانێکی ئاوێتە لەگەڵ ڕێز و ئەمنییەت بەهرەمەند بن، بوونەتە توێژێکی هەژار و لاوازی کۆمەڵگا و چەندین ملیۆن کەسیان لە تەمەنی پیریدا لەگەڵ کێشەی دەروونی و مادی بەرەوڕوو بوونەتەوە. پەرەسەندنی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و لەشفرۆشی کە بۆتە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ملیۆنان کەس گیرۆدەی بوون، بەشێکە لە دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی حکوومەتی ئیسلامی

لە بواری ناوخۆییدا، هیچ بەشێکی وڵات پارێزراو نەبووە. شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، شەڕ لەدژی خەڵکی کوردستان، کوشتاری کۆڵبەران لە کوردستان و سوختبەران لە بەلوچستان، چاندنی ملیۆنان مین لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای وڵات و کوشتن و بریندار کردنی خەڵک لە شوێنی کار و ژیانیان و هەروەها ناچارکردنی زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس بە کۆچکردن لە ئێران، تەنیا بەشێکی بچووکە لە کارنامەی ڕەشی حکوومەتی ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا. لە بواری دەرەوەشدا، هەناردەکردنی تیرۆریزم، خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆ لە چەند وڵات و وەرێخستنی شەڕی مەزهەبی لە ناوچەکە لە درێژەی سیاسەتە ناوخۆییەکانی ڕژیمدا، هەرچی زیاتر ژیانی لە خەڵکی ئێران دژوار و تاڵ کرد. حکوومەتە بۆرژوازییە تەقلیدییەکان بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدەن ناڕەزایەتییەکان کەمتر بکەنەوە و بەم شێوەیە مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام ڕژیمی ئیسلامی هەرلە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاریەوە تا ئەمڕۆ کە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ئارادایە، بەردەوام ناڕەزایەتییەکانی پەرە پێداوە و ئەمڕۆ ئیتر جگە لە دە بۆ پانزە لەسەدی دانیشتوانی ئێران کە لە ڕانتی حکوومەت بەهرەمەندن، هیچ بەشێک لە کۆمەڵگایان لەگەڵدا نییە و یان خوازیاری ڕووخان و لەناوچوونی حکوومەتی ئیسلامین. ٤٥ ساڵ خەبات و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ڕژیمەدا، حکوومەتی ئیسلامی لە لێواری ڕووخان و لەناوچوون نزیک کردوتەوە. خەڵک بە دروستی دەرکیان بەوە کردووە کە بەردەوامبوونی حکوومەتی ئیسلامی، هاوواتایە لەگەڵ برسێتی و بێکاری، زەوتکرانی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکان، تێکچوونی ژینگە و دواکەوتوویی هەرچی زیاترە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا

****

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

## خەباتی ژنانی بوێر و ئازادپۆش، ئاڵەنگاری گەورەی بەردەم ڕژیمی ئیسلامی



شەپۆلی بەربڵاوی سەرکوتی ژنانی ئازادپۆش لە ژێر ناوی "تەرحی سەرتاسەری نوور" بە بەشداری هێزی ئینتیزامی، سپای پاسداران، شۆڕای ئەمنییەتی وڵات، ستادی ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکر، ستادی حیجاب و عیفاف، مەئموورانی کۆنترۆڵی حیجاب، لیباس شەخسییەکان و شەخسی وەزیری ناوخۆ و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕژیم، بەڕێوە دەچێت و بە مانای پەرەسەندنی شەڕی دەسەڵاتە لەگەڵ لەگەڵ جەماوەر. لە چوارچێوەی ئەم شەڕە سەرتاسەرییەی ڕژیم لەگەڵ خەڵک لە شەقام و کۆڵانەکاندا، شایەتی شەپۆلێک گوشاری فاشیستی و دەستگیرکردنی بنەماڵەی دادخوازان، چالاکانی سنفی مامۆستایان، بانگهێشتکردن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و خوێندکاران و بەرگریکارانی مافەکانی ژنان و نەتەوەکان و هەروەها دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ بەندکراوەکانیشین چاوخشاندنێک بە کۆی گشتی کردەوە سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دژی خەڵک، ئەم خاڵە جەوهەرییە پتر ڕوون دەکاتەوە کە

چڕبوونەوەی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیدا، بڕیاری سەرەکی بەرپرسانی نیزامی ئیسلامییە بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەماوەری خەڵکی ئێرانێک کە خەریکە ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانەی بەرین و پڕ جۆش و خرۆش ئەزموون دەکات. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا نەک هەر بووەتە هۆی پێکهاتنی شۆڕشێکی فەرهەنگی لە وڵاتدا، بەڵکوو بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنانی ئازادپۆش و هاوئاراستە بوون لەگەڵ بزووتنەوەی داواکاریی تەوەر و بزووتنەوەی نان و یەکسانی، بناغەکانی فاشیزمی ئایینی و سیستەمی سەرمایەی خستووەتە لەرزە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر لە بەرامبەر ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەدا هەنگاوێک پاشەکشە بکەن، ئیمپراتۆرییە

سەدەی ناوەڕاستییەکەیان بە هێزی یەکگرتووی جەماوەر هەڵدەوەشێتەوە. ئەوان زۆر باش تێگەیشتوون کە بزووتنەوەی خوازیاری جلوبەرگی دڵخواز، بزووتنەوەیەکە کە تەواوەتی کۆماری ئیسلامی کردووەتە ئامانج. ئێستا ئیتر پۆشینی جلوبەرگی ئازاد ڕۆچووەتە ناو قووڵایی کۆمەڵگاوە و ژنان بوونەتە گەورەترین هێز لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامیدا. ئامانجەکانی شەڕی بێبەزەییانەی دەسەڵات لەگەڵ ژنان و بەتایبەت ژنانی ئازادپۆش، لە پەنای هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی خەبات لەپێناو نان و ئازادی و سەرجەم داکۆکیکارە ناسراوەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، لەسەر ئەم بنەمایە، ڕوونتر دەردەکەوێت. بێ هۆ نییە کە دەسەڵاتی فاشیزمی ئایینی، بە لێدان لە تەپڵی شەڕێکی سنووردار لەگەڵ ئیسرائیل و گەورەکردنەوەی ململانێکانی نێوان

ڕژیمی ئاپارتایدی ئیسلامی و ڕژیمی ئاپارتایدی ئیسرائیل، هەوڵ دەدات لەلایەکەوە هێزە لایەنگرەکانی خۆی یەکگرتوو ڕابگرێت و لە لایەکی ترەوە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران، وەک بزووتنەوەیەکی سەر بە هێزە دەرەکییەکان لە قەڵەم بدات.
بێگومان پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بەرامبەر بەم کردەوە دژە ئینسانی و فاشیستیانە و هەروەها پەرەسەندنی خەبات و خۆڕاگریی ژنانی ئازادپۆش و پشتیوانی بەربڵاوتری کۆمەڵانی خەڵک لەو بزووتنەوانە، دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر زەمینگیر دەکات

****

## سۆنامی گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا، هەموو سنوورەکانی بەزاندووە

ڕەهەندەکانی گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە بەربڵاو و شێوازەکانی هێندە فرەچەشنن کە هاوشێوەکەی لە کەمتر شوێنێکی جیهان دەبینرێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی گەندەڵی ناوخۆییەوە، لە زومرەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە. گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە و بووەتە هۆی پەرەسەندنی نادادپەروەری و هەژاری و دیاردە نائاساییە کۆمەڵایەتییەکان. دزییە ملیارد دۆلارییەکانی باڵاترین کەسانی نزیک لە بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات، کە هەرچەند جارێک لە ئاکامی ململانێی نێوان داروودەستەکانی ناو حکوومەتدا گۆشەیەکیان لێ ئاشکرا دەبێت، بووەتە فۆرمێکی باو و ناسراوی گەندەڵی دارایی لە کۆماری ئیسلامیدا. گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لەم وڵاتەدا نەک هەر سێکتەرە دەوڵەتی، ئابووری و جێبەجێکارییەکانی گرتۆتەوە، بەڵکوو تەشەنەی کردووەتە ناو سەرجەم بوارە وەرزشی و تایبەتی و ناحکومییەکانیش. لەم ڕۆژانەدا ئاشکرابوونی یەک لە دوای یەکی چەند گۆشەیەک لە دزییە ملیارد دۆلارییەکانی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی ئەم نیزامە گەندەڵ پەروەرە، بووەتە یەکێک لە پرسەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و تووڕەیی و نەفرەتی قووڵی چین و توێژە هەژار و کەمداهات و ستەمدیتووەکانی پتر لە هەمیشە بەرامبەر بەم ڕژیمە گەندەڵ و دژە ئینسانییە، هەڵخڕاندووە

لەم دواییانەدا و دوابەدوای ئاشکرابوونی چەندین دزی و گەندەڵی گەورە لەوانە گەندەڵی چەند ملیارد دۆلاری "چای دێبش"، ئاشکرابوونی گەندەڵی دارایی کازم سەدیقی، ئیمام جومعەی کاتیی تاران و کوڕەکانی لەڕێگەی دامەزراندنی شیرکەتێکی بنەماڵەییەوە، لە دۆخێکدا کە ڕاپۆرتەکان باس لە نەبوونی پارەی پێویست دەکەن بۆ هاوردەکردنی دەرمان، پەروەندەیەکی تری گەندەڵی ئابووری بەناوی گەندەڵی دارایی برنجی "تەبیعەت" ئاشکرا دەبێت. بەگوێرەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان، لەم گەندەڵییە ئابوورییەدا، ٧٠٠ ملیۆن دۆلار پارەی دیاریکراو بۆ هاوردەکردنی برنج و ٧٠٠ ملیارد تمەن بۆ کەرەستە و پێداویستی دروستکردنی کارگە، بەشێوەی ڕانت و بە هەماهەنگی وەزارەتی جیهاد و کشتوکاڵ دراوە بە بە خاوەنی برەندی "تەبیعەت". هەروەها لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوەکان لە دۆسیەی گەندەڵی لە یانەی "مسی ڕەفسەنجان" هێشتا بەردەوامە و تا ئێستاش لایەنە جۆراوجۆرەکانی بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە، پەیامنێری مێهر، هەواڵی گەندەڵییەکی تری لە یانەیەکی دیکەی تۆپی پێی خولی نایابدا بڵاوکردەوە. گەندەڵییەکی کە تێیدا ٦٠٠ سکەکەی زێڕ و زیاتر لە ٧ ملیۆن دۆلار پارەی کاش و دەیان ملیارد تمەن بەرتیل لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا تۆمارکراوە و "خوداداد ئەفشاریان"،

**درێژە لە لاپەڕەی ٧**

### لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

### ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

### ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

### ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٩-نیوەی دووەمی گوڵان ١٤٠٢ -مەی ٢٠٢٤

درێژە ی لاپە ڕە ی ٦

سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان و "سوهەیل مێهدی"، سەرۆکی بەڕێوەبردنی کێبڕکێکانی خولەکە، تۆمەتباری سەرەکی ئەم پەروەندەیەن

چاوخشاندنێک بە مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بابەتی ئەو دزییە کەم وێنە و سامانە زۆر و زەوەندانەی کە بە بەهای پەرەپێدان بە هەژاری و لەناوبردنی ژیانی ملیۆنان کەس لە چین و توێژە بێبەشەکان، گیرفانی تاقمێک لە بەرپرسە گەندەڵەکانی کۆماری ئیسلامیی پڕکردووە، بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر تانوپۆی لەگەڵ نیزامی دەسەڵاتداری سەرمایەداری و پەیوەندییە کۆنەپەرستانەکانی سەرچەوگرتوو لێی، لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی ئەم نیزامەدا، تێکەڵ بووە. لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ستەمکاری کۆماری ئیسلامیدا، دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان و داروودەستەکانیان بەبێ جیاوازی، بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازات و دەسەڵاتی دەوڵەتی، لە دۆخێکدا کە بە هۆی زاڵبوونی دیکتاتۆرییەکی بەتەواو مانا لە کۆمەڵگادا و هەروەها بوونی سیستەمێکی گەندەڵی دادوەری، ئیمکانی هیچ جۆرە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەک لە ئارادا نییە، دەستیانداوەتە جینایەت گەلێکی ئەوتۆ بەمەبەستی تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵات و موڵکی گشتی و بەرتیل وەرگرتن و ڕانتخۆری و هتد، کە هاوشێوەیان بە دەگمەن لە جیهاندا دەبینرێن. لە مێژووی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا، دەیان هەزار گەندەڵی و دزی و تاڵان و بڕۆ ڕوویانداوە کە زۆربەی ئەو دزی و گەندەڵیانە یان لە لایەن بەرپرسانی حکوومەت، فەرماندەکانی سپای پاسداران و ئاخوندەکانەوە ئەنجام دراوە، یان بە پشتیوانی و چاوپۆشی ئەوان بەڕێوە چوون. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەرپرسانی ناو بازنەی سەرەکی دەسەڵات و ئاخوندەکان و دەزگای گەندەڵی دادوەری، یان ڕاستەوخۆ دەستیان لەم گەندەڵیانەدا هەبووە، یان لە ئاست ئەو جینایەتانەدا بێدەنگ بوون؛ بەڵام سەبارەت بە دەرکەوتنی چەند تاڵ لە پرچی ژنان هاواریان لێ بەرز بووەتەوە و بەشێوەیەکی وەحشیانە بەربوونەتە گیانی ژنان و کچانی ئازادپۆش سەرچاوە و هۆکاری تەواوی ئەو گەندەڵی و دزی و بەرتیلخۆرییە بەربڵاوە لە کۆماری ئیسلامیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەم سیستەمە کۆنەپەرستە و ئەوەی کە سیاسەتی ئەم حکوومەتە یان بە واتایەکی تر پێکهاتە سیاسییەکەی پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە تێکەڵکردنی ئایین و دەوڵەت و کەڵک وەرگرتن لە یاسا و ئەخلاقی ڕزیو و دواکەوتوانەی ئایینی بەمەبەستی بەڕێوەبردنی پەیوەندی چینایەتیی چەوسێنەرانە و لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی ستەمکارانە. لەچوارچێوەی وەها نیزامێکی شووم و چەوسێنەردا و تا ئەو کاتەی ڕژیمی سەرەڕۆ و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بێت، هیچ ڕێگایەک بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی تاڵان و بڕۆ و دزی و گەندەڵییەکان بوونی نییە جگە لەوەی کە دبێ لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا، پشت ئەستوور بین بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا، هێزێکی کە درەنگ یان زوو ڕژیمی گەندەڵ و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، بە زبڵدانی مێژوو دەسپێرێت

****

# ئاماری ناڕاست سەبارەت بە باشتربوونی دۆخی ئابووری و بوونی پۆتانسیێلی تەقینەوەیەکی بەهێز لە کۆمەڵگادا



ناوەندی ئاماری ئێران لە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیدا، ئاماژەی بە باشتربوونی ڕێژەیی دۆخی ئابووری مانگی گوڵان بە بەراورد لەگەڵ خاکەلێوە و هەروەها ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی هەڵاوسان کردووە. ئەم ڕاپۆرتە هێندە بێ بنەماڵە و ناڕاستە کە لەلایەن بڵاوکراوە ڕێگەپێدراوەکانی ناوخۆی وڵاتەوە کەوتۆتە بە ڕەخنە. ئەم نموونانەی خوارەوە بەشێکن لە ڕا و بۆچوون و ڕەخنەی کەسانی پسپۆڕ، کەسانی نزیک لە حکوومەت یان کاربەدەستانی حکومەتیی، لە ڕەتکردنەوەی ئەو ئامارە ساختانەدا: ڕۆژنامەی "ئابووری ئەمڕۆ" نووسیویەتی ناوەندی ئاماری ئێران باس لە دابەزینی یەک لەسەدی ڕێژەی هەڵاوسان دەکات، کە بەپێی ئاماری ناوەندە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ئێران لە ڕیزی خوارەوەی وڵاتانی جیهاندایە. ڕۆژنامەی "کار و کارگەر" نووسیویەتی: "هێڵی هەژاری لە کوێیە و ئێمە لە کوێین؟" ڕای کارناسان و شارەزایان سەبارەت بە ئاستی هێڵی هەژاری جیاوازە؛ ئامارەکان باس لە ٢٠ ملیۆن بۆ ٢٥ ملیۆن تمەن دەکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو کرێکار و خانەنشینانەی کە لانی زۆری داهاتیان دەگاتە ١٢ ملیۆن تمەن، بەم حاڵەوە چۆن ژیان بەسەر دەبەن؟ چاوەڕوانی چی لە کرێکارێک دەکرێت کە بەردەوام لە خەمی دابینکردنی خەرجییەکانیدایە و هیچ ڕێگا چارەیەکیش شک نابات! لە ئاوا دۆخێکدا، لە هێڵی بەرهەمهێناندا، لە گیانی خۆیان مایە دابنێن و کار بۆ گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و ئابووری بکەن. ڕۆژنامەی "ئیعتیماد" دەنووسێت: ئابووری ئێران وەک ساڵانی ڕابردوو، ساڵی ١٤٠٣شی بە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و فرۆش، دەستپێکردووە. بەجۆرێک کە پێوەرەکانی بەرهەمهێنانی شیرکەتە گەورەکانی بورس لە مانگی خاکەلێوەدا بە بەراورد بە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو، بە ڕێژەی ١٣.٦٪ و پێوەرەکانی فرۆشتنیش بە ڕێژەی ٣٤٪ دابەزیوە. ڕۆژنامەی "هەمدڵی" دەنووسێت: "ئاماری مامناوەندی خواردنی گۆشتی سوور بە ڕادەیەک کەمبووەتەوە کە دەکرێت بڵێین ئەم بەرهەمە بە تەواوی لە سەبەتەی ماڵی زۆرینەی خەڵک لابراوە". ڕۆژنامەی "ئەبرار" نەک هەر ئەم ڕاپۆرتە بە ناڕاست دەزانێت، بەڵکوو دەنووسێت: "ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کەمبوونەوەی هەڵاوسان لەبەردەم ئابووری ئێراندا نییە". ڕۆژنامەی "دونیای ئیقتیساد"یش دەنووسێت: "زیادبوونی بەکارهێنانی خۆراکی بنەماڵە، سێ ڕووداوی هاوکات نیشان دەدات؛ یەکەم: زیادبوونی پشکی خۆراک لە کۆی گشتی خەرجییەکانی بنەماڵە، دووەم: کەمبوونەوەی کۆی گشتی خۆراکی بنەماڵە، واتە کەمبوونەوەی ئاستی پێویستی کالۆری بنەماڵە و سێیەمیش کەمبوونەوەی کوالیتی کالۆری بنەماڵە".

ئامار و زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی، هیچکات ڕووی ڕاستەقینەی هەژاری لە ئێران نیشان نادەن. لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی تەنانەت ئاماری قوربانیانی کارەساتە سروشتییەکانیش دەستکاری دەکەن، نابێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکرێت کە لەم بابەتەوە ئاماری واقیعی ڕابگەیەنن. ئیبراهیم ڕەئیسی (جەلادی ٦٧ ) کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر کوژرا، نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر بەڵێنی دابوو کە لە ماوەی یەک ساڵدا هەژاری لە ئێران بنبڕ دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ئەودا زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، یەکێک لە دژوارترین ساڵەکانی ژیانی ئابووری خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا ئەزموون کرد. واقیعییەت ئەوەیە کە هەژاری لە ئێراندا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕژیمی دەسەڵاتداری ئیسلامی. دەستێوەردان لە قەیرانە ناوچەییەکان و خەرجکردنی ساڵانە دەیان ملیارد لەو بوارەدا، بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئەتۆمی و مووشەکی، خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە ئاینییەکان و هەموو ئەمانەش لە سەر بەستێنی گەندەڵییەکی دارایی جێکەوتوو، چەندین ترلیۆن دۆلار لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئەم وڵاتە و حاسڵی ڕەنج و کاری ئەوانی بەفیڕۆ داوە. لە ئاکامی ئەم جۆرە سیاسەتانەدا، ئەمڕۆ زیاتر لە ٧٠٪ خەڵکی ئێران چوار هێندە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم دۆخە بە نۆبەی خۆی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی نائاسایی و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک لەشفرۆشی، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، گەڕان لەناو زبڵ و خاشاک، خەوتنی منداڵان لەناو کارتۆن و خۆکوشتن و هتد

سەرەڕۆیی و خەفەقان، هەڵاوسان و گرانی، بێکاریی دە ملیۆنی، برسێتی و هەژاری و هەروەها دروستبوونی کەلێنی قووڵی چینایەتی، ژیانی لە چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا تاڵ کردووە. بێگومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران کە ٤٥ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە جینایەتکار و چەوسێنەرەدا لەپێناو باشترکردنی بارودۆخی کار و بژێوی ژیانیاندا خەبات دەکەن، لەژێر ئەم هەلومەرجەشدا خەباتی خۆیان درێژە پێدەدەن. کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئازارچێشتوو، کە گوشارەکانی بژێوی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیون، هیچ ڕێگایەکی دیکەیان نییە جگە لەوەی کە دەبێ بۆ ڕزگاربوون لەو دۆزەخەی کە نیزامی سەرمایەداری ئیسلامی خوڵقاندوویەتی، قۆڵی لێ هەڵبماڵن و بەبێ ترس لە هەر چەشنە سەرکوت و زەخت زۆرێک، خەباتی چارەنووسسازی خۆیان شێلگیرانەتر و لێبڕاوانەتر لە پێشوو، لە هەمو بوارەکاندا لەدژی سەببکاران و خوڵقێنەرانی ئەم هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییە، بەرەوپێش ببەن. ئەوەی کە لە ناخی ئەو هەموو نەهامەتیانەدا و لە جەرگەی ئەو هەموو هێرشانەی کە دەیکەنە سەر سفرەی ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە، کۆمەڵگا بەردەوام شاهیدی ناڕەزایەتی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و هیترە، نیشانەی ئاشکرای بێنمەمابوونی ئیدیعاکانی بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیمە سەبارەت بە باشتربوونی دۆخی ئابووری و هاوکات، بوونی پۆتانسێلی تەقینەوەیەکی بەهێز لەم کۆمەڵگایەدا. خەڵک لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیاندا، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەرک بەو ڕاستییە دەکەن کە تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لەم بارودۆخە پڕ لە نەهامەتییە، بریتییە لە پەرەپێدان بە ناڕەزایەتییەکان، هاتنە سەر شەقامەکان، مانگرتن لە کارگە و ناوەندەکانی پیشەسازی، بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی و هەروەها ئامادەکارییەکی هەمە لایەنە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە

****

# مەرگی "جەلادی ٦٧"، دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی جەماوەریی

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)



هەواڵی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری هەڵگری ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری دەستنیشانکراو و گوێڕایەڵی ڕێبەر و ئەمیر عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوە و شاندی یاوەری، کاتژمێر چوار و نیوی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی گوڵانی ١٤٠٣، بوو بە سەردێری هەواڵەکانی ئێران و جیهان. ڕووداوی ڕووداوەکە و کەوتنەخوارەوەی ئەم هەلیکۆپتەرە کە لەگەڵ دوو هەلیکۆپتەری دیکە بەرەو تەوریز دەفڕین، هەر لە یەکەم ساتەکانەوە، بۆ بەرپرسانی ڕژیم ئاشکرا بوو. پەنابردنەبەر درۆ و چەواشەکاری حکوومەت بۆ ماوەی ١٤ کاتژمێر، هەوڵێک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەی جەماوەر، خۆ ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوەی کە ببووە هۆی مەرگی سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوە، پارێزگار و ئیمام جومعەی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، بەرپرسی پاسەوانەکانی سەرۆک کۆمار و تیمی فڕۆکەوانی. چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی بە ئەنقەستی هەواڵی ناڕاست، جارێکی تر نیشانیدا کە دەسەڵاتی ئیسلامی تا چەندە لە کاردانەوەی خەڵک دەترسێت. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوە، هێزەکانی ڕژیم بە مەبەستی پێشگرتن لە ئەگەری هەر کاردانەوەیەکی جەماوەر بەرامبەر بە هەواڵی مەرگی ڕەئیسی، ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکان. دواکەوتنی نائاسایی دۆزینەوەی شوێنی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی ڕەئیسی و شاندەکەی یاوەری و لێدوانی جیاواز و دژ بەیەکی بەرپرسانی ڕژیم، گومانی سەبارەت بە چۆنیەتی و ئەگەری بە ئانقەست بوون یان نەبوونی ئەم ڕووداوە دروست کردووە. ڕەئیسی لە نێو ئەندامانی "هەیئەتی مەرگ"ی ئێعدامەکانی ساڵی ٦٧دا، لە زومرەی ئەو کەسانە بوو کە گەیشتە بەرزترین پلەی دەسەڵات. ئێستا بە مەرگی ڕەئیسی، بەداخەوە خەڵکی ئێران ئیمکانی ئەوەیان نەماوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک یەکێک لە جینایەتکارانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧، بیکێشنە پای مێزی دادگایەکی عادڵانەی خەڵکیی و محاکەمەی بکەن. ئەو گرتە ویدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند و هەڕەشەکانی حکوومەت، خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە یارییە ئاگرینەکان خۆشحاڵی خۆیان سەبارەت بە هەواڵی مەرگی "جەلادی ٦٧" دەربڕیوە. هەروەها پۆلیسی "فەتا"ش ڕایگەیاندووە کە هەموو چالاکییەکی ئێرانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن ئەم دەزگا ئەمنییەتییەوە چاودێری کراون.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژیم، بە بۆنەی مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسی، ئەندامی "هەیئەتی مەرگ"ی قەتڵی عام و کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، سەرەخۆشی خۆی دەربڕی و وێڕای ڕاگەیاندنی پێنج ڕۆژ ماتەمینی گشتی و دەستنیشانکردنی محەممەد موخبەر وەک سەرۆککۆماری کاتی، فەرمانی داوە کە بەپێی یاسای بنەڕەتی، لە ماوەی پەنجا ڕۆژی داهاتوودا، هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێ تەنیا چەند مانگ دوای بزووتنەوەی "بایکۆتکردنی هەڵبژاردن"ی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢ و هەروەها گوڵانی ١٤٠٣، جارێکی دیکە حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر جەماوەری ڕاپەڕیودا ڕادەگرێت. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بابەتی لێکۆڵینەوە لە کارنامە و بێتواناییەکانی حکوومەتی یەکدەستکراو لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسەتی دەرەوە و هەروەها هاتنی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی ڕژیم بۆ ناو ئەو پرسانە، قەیرانی دەسەڵاتداریّتی ئیسلامی، تاڕادەیەکی زۆر قووڵتر دەکاتەوە. ئەگەری سیناریۆکانی ئەم ڕووداوە هەرچییەک بن، لە ڕوانگەی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە، قووڵتر بوونەوەی قەیرانی ناوخۆی حکوومەت لە سەرەوە، دەرفەتێکی نوێ بۆ بزووتنەوە مەدەنی، سنفی و کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی پرسی خۆ ڕێکخستن و بەڕێکخراوبوون، بە هێزێکی زیاترەوە بەرەوپێش ببەن. شکستەکانی دەسەڵات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، هەڵوەرین و داڕمانی پێگەی پشتیوانییەکەی و کڕنووش بردنی دەسەڵات لە بەرامبەر زلهێزە دەرەکییەکاندا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئیمکانی پێشڕەوی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و پێکهاتنی ئاڵترناتیڤی جەماوەری لە خوارەوە بەهێزتر دەکات. لەسەر ئەم بەستێنە، پێویستە هەرچی زیاتر لەسەر پێویستی لێک نزیکبوونەوە و یەکڕیزیی بەرینتری بزووتنەوە ئازادیخواز، یەکسانیخواز و عەداڵەتخوازەکان جەخت بکرێتەوە.

**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دیموکراسی و سۆسیالیزم**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)**

**دووشەممە ٣١ی گوڵانی ١٤٠٣/ ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٤**

****

# لە چواردەهەمینساڵیادی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوبەندەکانی دا

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی مانگی گوڵان، هاوکات بوو لەگەڵ چواردەهەمین ساڵیادی ئێعدامی جەنایەتکارانەی" فەرزاد کەمانگەر" و هاوبەندیەکانی:" شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان." ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵانیش ساڵیادی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان بوو لە وڵامدانەوە بەم جەنایەتە. ئێعدامی دژی ئینسانی پێنج لاوی تێکۆشەر کە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانیان لە سەنگەری تێکۆشان دژبە ڕژیمی ئیسلامی خۆڕاگرییان کرد، کردەوەی بە ملیۆن ئینسان کە مانگرتنێکی گشتی لە سەرتاسەری کەردستانی بە دوادا هات

ئێعدامی ئەم خەباتکارانە لە باروودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە شەپۆلێك لە ناڕەزایەتی لە ئاستی ئێران و جیهان دژبە دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکەیان کەوتبووە ڕێ. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەو ناڕەزایەتیانەی نەدایەوە، بەڵام هەر لە ڕۆژی ئێعدامی ئەوانەوە، هەستی بە تووڕەیی خەڵکی کوردستان دەکرد و لە کاردانەوەی خەڵك ترسابوو. هەربۆیە تەرمی گیان بەختکردووانی هەرگیز نەدایەوە بە بنەماڵەکانیان. چوار ڕۆژ پاش ئەم ئێعدامانە بوو کە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتی بەم جەنایەتەدا شکڵی گرت. ڕژیم بە خەیاڵی خاوی خۆی لای وابوو کە بە ئێعدامی پێنج خەباتکاری سیاسی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن زیاتر پەرە پێدەدات و خەڵکی کوردستان ترساو و بێدەنگ دەبن. بەڵام مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٣ی گوڵان وڵامی خەڵکی کوردستان بەو خەیاڵە خاوەی سەرانی ڕژیم بوو. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەگەڵ پشتیوانیی و هاوڕێیەتیی حیزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و لەگەڵ پێشوازیی بەرینی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێران بەرەوروو بوو. لەم ڕۆژەدا کوردستان، یەکپارچە تەعتیل کرا. کرێکارانی کارگەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری مانیان گرت، کاسبکار و بازاڕیەکان دووکانەکانیان داخست، کارمەندانی ئیدارە دەوڵەتی و خسووسیەکان نەچوونەوە سەر کارەکانیان، خوێندکاران، موعەلیمان و مامۆستایانی زانکۆ، کلاسەکانی دەرسیان تەعتیل کرد. بەمجۆرە هاوپشتیەکی گشتی لە ناڕەزایەتی بە کوشتنی بەندکراوانی سیاسی شکڵی گرت. ئەم حەرەکەتە گشتییە نیشانیدا کە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی، نە تەنیا خەڵکی کوردستانی چاوترسێن نەکردووە بەڵکوو ئیرادەی گشتیی ئەوانی بۆ خەبات لە دژی ئەم ڕژیمە و خۆڕاگری بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی، پتەوتر کردووە

مانگرتنی سیاسیی گشتیی ٢٣ی گوڵان، هەموو لێکدانەوەکانی ڕژیمی شێواند. کوشتنی پێنج لاوی بەندکراوی سیاسی نە تەنیا نەیتوانی خەڵکی کوردستان بترسێنێ، بەڵکوو ئاگری تووڕەیی ئەوانی زیاتر گەشاندەوە. خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە ئەگەر ڕێگایەك بۆ ڕزگارکردنی گیانی باقیی بەندکراویان ئازیزانی هەبێت، لەم مەسیرەوە تێپەڕ دەبێت. ئەم مانگرتنە وڵامێکی ددان شکێن بوو کە خەڵکی کوردستان بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان داوە. ئەم حەرەکەتە بەرین و لێبڕاوانە و بەجێیە، بە ڕژیمی نیشاندا کە ئەگەر کاردانەوەی خەڵك بەکەم دانێ، تووشی چ هەڵەیەکی گەورە دەبێت لە لێکدانەوەکانیدا

ئەم ئەزموونە بۆ جارێکی دیکە دەریخست کە مانگرتنی سیاسیی گشتی شێوازێکە لە ناڕەزایەتی دەربڕین کە تیایدا دروشم و سیاسەتەکان لە ڕێگەی جەماوەرەوە، دەبنە هێزێکی مادی، ڕێگایەکە بۆ ئەوەیکە ڕژیم لە نەبەردێکی درێژماوەدا ماندوو بکات و هێزی سەرکوتگەری لە کار بخات و جەماوەر دەرفەتی ئەوەی هەبێ خۆی بۆ هەنگاوەکانی دواتر ئامادە بکات. خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی تاکتیکی مانگرتنی گشتی، ئیمکانی جم و جۆڵیان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی دوژمن زەوت کرد و ڕێگای پووچەڵ کردنەوە و ناکارامە کردنی سەرکوتگەریی ئەم هێزانەیان، بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانیش نیشاندا

خەڵکی کوردستان لە گەلێك قوناغدا، توانا و هێزی یەکگرتووی خۆیان دژ بەم ڕژیمە نیشان داوە. لە وتنی "نا"یەکی بە هێز بە ڕێفراندۆمی پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٣٥٨ تا کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و ڕێپێوانی خەڵکی باقی شارەکان بۆ پشتیوانی لەوان و مانگرتنە شکۆدارە سیاسیە گشتیەکان هەر لەم ساڵەدا، لە زومرەی ئەو دژەکردەوە و پۆتانسێلانە بوون کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر زۆرەملی و ملهۆڕیی ڕژیمدا لە خۆیان نیشانیان داوە

چەخماخەی شۆڕشی ژینا بە خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی شاری سەقز لە جەریانی ناشتنی تەرمی ژینا ئەمینی کە ناوی بوو بە ڕەمزی شۆڕش و بەدوایدا بە مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستان لە ناڕەزایەتی بەم جەنایەتە لێدرا. شۆڕشێک کە ئاگری قین و تورەیی خەڵکی لەسەرتاسەری ئێرانی بڵێسەدار تر کرد و چەند مانگرتنی یەکپارچەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا

ئەم مانگرتنانە نیشانیاندا کە پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پشت سنوورەکان بە مانای کۆتایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نییە. نیشانیاندا سەرەڕای ئەم پاشەکشەیە، ڕیشەی ئەم بزووتنەوەیە لە قووڵایی کۆمەڵگادا بەهێزتر بووە. نیشانیدا ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی هێز و وشیاری و ڕێکخراو و ڕێبەریی خۆیەتی. نیشانیدا کە جەماوەری خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان سەرەڕای هەژاری و برسییەتی و دەست کورتی، ئامادەن بە دڵ ئاواڵەییەوە لە پێناو سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامیدا، لە بژێو و ژیانی خۆیان هەزینە بکەن. نیشانیدا کە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی سیاسییە و توانایی بە حیزبی بوونی لەسەرەوەیە. نیشانیدا کە مانگرتنی سەرتاسەریی جەماوەریی، دەکرێ وەك ئەزموونێکی خەباتکارانەی سەرکەوتوو، لە سەرتاسەری ئێرانیش بەکار بێت کە تیایدا هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە بەرامبەر ئیرادەی گشتیی جەماوەری خەڵکدا، داماو و بێ توانا دەبن و کارێکیان بۆ ناکرێ

بەڵام ئەگەر ئەم ئەزموونانە ڕێنوێنی خەڵکی کوردستان دەبن لە ڕووداو و گۆڕانکاریەکانی داهاتوودا، بۆ کۆمەڵەش مەیدانی ئەزموون و تاقیکردنەوەن، تا خاڵە بەهێزەکانی خۆی وەك ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست کە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتییە، بناسێت و کەم و کوڕیەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی لەم بوارەدا بڕەوێنێ و بەردەوام لە دڵی ڕووداوەکاندا بێت و ئاراستەی گونجاویان پێبدات. بێ گومان ڕۆژان و ڕووداوگەلێکی گرینگمان لەبەرە و کۆمەڵە بەرپرسیاریەتی خۆی لە پێناو تێپەڕاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە خاڵە وەرچەخانە مێژووییەکان، بەرەو ئاسۆی ڕوونی ئازادی، دەناسێت و بە پشت بەستن هەر بەم پێگەیە، ئەرکەکانی خۆی بەجێ دێنێت. سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە وەها تاقیکردنەوەکی گەورەی کۆمەڵایەتیدایە کە هەڵدەسەنگێندرێ

لە ١٤ هەمین ساڵڕۆژی شکۆدار و مێژوویی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی گوڵاندا، ڕێز دەگرین لە یادی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی کە بوێرانە لە بەرامبەر دوژمندا خۆڕاگرییان کرد و گیانی خۆیان لەسەر ئەم پایەداریە دانا و سڵاو و درووديش دەنێرین بۆ خەڵکی بەئەمەگی کوردستان کە وەها شکۆدار، ڕێزیان لە یادی ئازیزانی گیان بەخت کردوویان گرت

****



Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 449-may 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# کار و چالاکی سیاسی و ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە کەوتنە داوی دوژمن"

## بەشی یەکەم: خۆپاراستن لە هەرچەشنە زیانێکی جەستەیی

**کار و چالاکی سیاسی و ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە کەوتنە داوی دوژمن"**

**بەشی یەکەم:** خۆپاراستن لە هەرچەشنە زیانێکی جه ستە یی

هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە زیانە جەستەییەکان دەتوانێت کارێکی زۆر سادە بێت، بەڵام ئەم هەوڵە ستراتیژیک، گرنگ و کاریگەرە. لە هەندێک حاڵەتدا چالاکوانان پێویستیان بە پاراستنی ڕاستەوخۆ هەیە. بۆ نموونە ئەگەر نارەزایەتییەک لە زانکۆ دەستی ڕوویدات، هەوڵبدەن بەکۆمەڵ لە زانکۆ دەربچن. تا قەرەباڵغتر و جەماوەریتر بێت پارێزراوتر دەبن. ئەوانەی بەنیازن زیانت پێ بگەیەنن، بەزۆری نایانەوێت جەماوەر شایەتحاڵی کارەکانیان بن. لە زۆر حاڵەتدا لە ئامادەبوونی شایەتحاڵەکان دەترسن یان لانیکەم زیاتر بیر لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی کارەکانیان دەکەنەوە

• با نگهێشتکر د نی کەسانی ناسراو بۆ بەشداری لە چالاکییە ئاشکراکاندا ئەگەر لە درێژەی خەباتی عەلەنیدا بەنیازی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکدا و پێشبینی ئەوە دەکەیت کە دەزگا ئەمنیەکان بە تەمای نانەوەی توندوتیژی و زیانگەیاندن بە بەشداربوانن، بانگهێشتی ئەو کەسانە بکەن کە کاریگەری کۆمەڵایەتی یان سیاسییان هەیە، وەک مامۆستای زانکۆ و هتد، بۆ ئەوەی بە ئامادەبوونیان لە مەراسیمەکەدا یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ئارامی بمێنێتەوە. زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دیکە ئەم شێوازەیان بۆ کەمکردنەوە و پێشگیری لە پەرەسەندنی توندوتیژی بە کا رهێنا وه

• دڵنیا بوون لەوەی کە لەژێر چاوەدێریدا نیت پێش ئەوەی بچیتە کۆبوونەوە گرنگ و نهێنییەکان، وشیاربە کە لەژێر چاوەدێری کەسدا نەبێت. بۆ نموونە دەتوانیت چەند کۆڵانێک لە شوێنی کۆبوونەوەکە دوور بکەویتەوە و دوای دڵنیابوون لەوەی کە کەس بەدواتەوە نییە، ئینجا بچیتە ناو کۆبوونەوەکە. دەتوانیت پەنجەرەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە کۆڵان و شەقامەکاندا وەستاون، وەک ئاوێنەیەک بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی چاوت لە پشت سەری خۆت بێت

• ستراتێژی چالاکی دوور لە توندوتیژی یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە زۆربەی چالاکوانان قبوڵیان کردووە، کەم بوونی مەترسییەکانی چالاکییە مەدەنییەکانە. ئەم شێوازە لە چالاکی ستراتێژییەکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری دەستبەسەر بوون. ئەو چالاکوانانەی کە خەریکی چالاکی مەدەنین، تەنانەت ئەگەر دەستگیر بکرێن و هەموو چالاکییەکانیان ئاشکرا ببێت، زۆر باشتر دەتوانن دیفاع لە چالاکییەکانیان بکەن، لە کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاندا پشتیوانییەکی فراوانتریان لێدەکرێت و ئەگەری سزادانیان کەمتر دەبێتەوە

• کە مکر د نە و ە ی بەڵگەنامەکان و لەناوبردنی بەڵگەنامە ناپێویستەکان لە بارودۆخێکدا کە دەزگا ئەمنییەکان هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چالاکییە نهێنی و شاراوەکانی تۆ دەدەن و بۆ ئەم مەبەستەش لە شێوازی گوێگرتن و تۆمارکردنی زانیارییە کەسییەکان و بەڵگەنامەکان کەڵک وەردەگرن، کاریگەرترین ڕێگا بۆ نەهێشتنی هۆکار بۆ دەستبەسەر بوونت، بریتییە لە کەمکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەی کەسی بۆ پێشگری لە دەستڕاگەیشتنی هێزە ئەمنییەکان پێیان. بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە ئەمنییە، ئەگەری دەستبەسەر بوون کەم دەبێتەوە و لە حاڵەتی دەستبەسەربوونیشدا ئەگەری سزادان کەمتر دەبێت.

• بە کا ر نە هێنا نی تەلەفۆن بۆ دیاریکردنی کات و شوێنی چاوپێکەوتن ئەوەندەی ئیمکانی هەیە، تەلەفۆن بەکارمەهێنە بۆ دانانی کات و لە هەر چاوپێکەوتنێکدا کات و شوێنی کۆبوونەوەی داهاتوو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری بکەن. ئەگەر لە نێو هاوڕێ ناسیاوەکانتدا کەسانێک هەبن کە بە هەر هۆکارێک لە کاتی پەیوەندی تەلەفۆنیدا ڕەچاوی خاڵە خۆپارێزی و ئەمنییەکان ناکەن، باشترین شت ئەوەیە کە وەڵامی پەیوەندییەکانیان نەدەیتەوە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ بکەیت. ئەگەر لە هەندێک حاڵەتدا ناچار بوویت مۆبایلەکە بەکاربهێنیت بۆ گواستنەوەی زانیاری، وشەی نهێنی ساد کە گومان هەڵنەخڕێنێ و پێشتر لەگەڵ هاوڕێکانت لەسەریان ڕێککەوتوویت، بەکار بهێنە

• ڕ ا نە گر تنی بەڵگەنامەکان لەناو ماڵدا بەڵگەنامە و زانیارییە هەستیارەکان و هەروەها بەڵگەنامەی ناسیاسی بەڵام پێویست وەک بەڵگەنامەی لەدایکبوون و پاسپۆرت لەو شوێنانەدا هەڵمەگرن کە ئەگەری پشکنینیان هەیە (وەک ئۆفیس یان لە ماڵەوە). ئەگەر پێویست بوو بەشێک لەو بەڵگەنامانە بپارێزرێت، باشتروایە بیانگوازیتەوە بۆ شوێنێکی تر کە کەمتر ئەگەری پشکنینیان لێ بکرێت و بە کەسێکی ئاسایی و متمانەپێکراوی بسپێرن. لە زۆر حاڵەتدا چالاکوانان تەنانەت دوای ئازاد بوونیان ناچار بوون چەند مانگێک کات تەرخان بکەن بۆ وەرگرتنەوەی بەڵگەنامە فە رمییە کا نیا ن

• هە ڵگنە ر تنی کەرستە یاساغەکان تا دەتوانیت هەوڵبدە هیچ کەلوپەل و کەرەستەیەکی بێ مۆڵەت لە ماڵەوە ڕامەگرە. بۆ نموونە خواردنەوە کحولییەکان، فیلمی نایاسایی و بە تایبەتی دەمانچە، لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت ڕەوتی کەیسەکەت بگۆڕێت. کەمترین زیان بۆ هێشتنەوەی ئەم جۆرە شتانە ئەوەیە کە دڵەڕاوکێت زیاد بکات و هەروەها لێکۆڵەرەکەش ئەم بابەتە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی وات لێبکات دان بە تاواندا بنێی

• تۆ ما ر نە کر د نی زانیاری ڕۆژانە دوور بکەوەرەوە لە تۆمارکردنی زانیاری و یاداشتنامەکانی ڕۆژانەت و هەبوونی ئەو شتانەی کە ئەرکێکی لەو جۆرەیان هەیە (وەک بەرواری کۆتاییهاتن، ساڵنامە و دەفتەری یاداشتەکان). ئەگەر دەستگیرکرایت، تێبینییەکانت دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بۆ لێکۆڵەر. بۆ نموونە لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا دۆزینەوەی ساڵنامەی چالاکوانێک، پرۆسەیەکی لێپرسینەوەی زۆر ئاڵۆزی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانانی تردا سەپاند

****

دواستون

# ئێران لە ڕیزی ناشادترین وڵاتانی جیهان

ئدامەزراوەی «فۆربز» هەموو ساڵێک ڕیزبەندی وڵاتانی جیهان لە ڕووی شادبوونەوە دیاری دەکات. ساڵی ٢٠٢٤ ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ ١٤٦ وڵاتی جیهان کرا. بۆ چەندەمین ساڵ وڵاتی فینلاند وەکوو شادترین و وڵاتی ئەفغانستان وەکوو ناشادترین وڵات دەست نیشان کران. لەو ڕیزبەندییەدا ئێران لە پلەی ١٠٧مین وڵاتدایە. ئەم بەراوردەش کە تەنانەت بە پێوانە و ستانداردەکانی ژیان لە دنیای زۆر نایەکسانی ئەمڕۆدا دیاریکراوە، دەریدەخات کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی، بە ٣٠ پلە لە چاو پێش هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئیسلامی، دابەزیوە

یەکەم هۆکارێك کە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی شادی لە کۆمەڵگای ئێراندا هەبووە، بریتییە نا سەقامگیری و نەبوونی ئاسایش و ئەمنییەت لە بارودۆخی ژیان و بەڕێچونی خەڵکدا و قووڵتر بوونەوەی کەلێنە چینایەتیەکان. نەبوونی ئەمنییەت بۆتە هۆی ئەوەیکە زۆرکەس تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بن لەبابەت دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و بنەماڵەکانیان. دڵەڕاوکێ لە ژیاندا کە ئاکامی ئەم بارودۆخە واتا سیاسەت و کردارەکانی ڕژیمی دەسەڵاتدارە، کە نەک هەر شادی و نیشاتیان تێدا لەنێودەبات، بەڵکوو خۆی دەبێتە بەستێنی گەلێک کێشە و گرفت و ئازاری کۆمەڵایەتی. لە پاڵ ئەوەدا دیکتاتۆری و پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی ئینسانەکان، هۆکارە بۆ تاڵکردنی ژیان و سڕینەوەی شادی و نیشات لە کۆمەڵگا. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا هەموو ڕۆژێک پێشێل دەکرێت، کۆمەڵگایەک کە تێیدا هەوڵ دەدرێت توندوتیژی بکرێتە فەرهەنگێکی جێکەوتوو، کۆمەڵگایەک کە نیوەی دانیشتوانەکەی واتا ژنان لە مافی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتیان بێبەشن، کۆمەڵگایەک کە گرتن و زیندانی کردن، ئێعدام و ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازار ڕەوتێکی ئاساییە، نابێ لە نەبوونی شادی تێیدا تووشی سەرسوڕمان بین.

ڕژیمی سیاسی دەسەڵاتدار کە شادی کردن و ئەویندار بە تاوان دەزانێ، گومانی تێدانییە کە لە درێژماوەدا فەرهەنگ و شێوەی ژیانی جێی سەرنجی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا پەرە پێدەدات و کاریگەریەکی ڕووخێنەر لەسەر سەقامگیری دەروونی کۆمەڵگا دادەنێت کە سڕینەوەی شادی لە ژیان یەکێک لە ئاسەوارەکانیەتی. لەبیرمان نەچێت کە ئێران لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە، کۆمەڵگایەکی لاوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە تا خورافاتی ئائینی کە ئەساسەن لەگەڵ ڕۆحیە و ئاستی تەوەقوع و چاوەڕوانیەکانی گەنجی ئەمڕۆییدا نایەتەوە، بێنێتە ناو ژیانی بنەماڵەکانەوە. لاو ناتوانێ و نابێ محافزەکار بێت. دەبێ پرسیارکەر و ڕادیکاڵ و دەخاڵەتگەر بێت بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە بارودۆخی ژیانیدا. بۆ بەشادی ژیان دەبێ پرسیار و داواکارییەکانی لاوان بەڕەسمییەت بناسرێت. لاو دەبێ توانایی و ئازادی هەڵسەنگاندنی هەبێت. ئازادی دەربڕینی بیروبۆچونی هەبێت. کۆمەڵگە دەبێ ئەم تواناییانە و بەهێز کردنیان ڕێکبخات و زەمینەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە خۆش بکات. هەڵبەت ئاشکرایە کە ئەم بابەتانە لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامدا نایەنەوە، لەمڕووەوە و تا ئێرەی کار، ئەم ڕژیمە بە سەرکوتکردنی دەروونی لاوان و سەرجەمی خەڵک لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە، بەرەنگاری ئەم ویست و داواکاریانە بۆتەوە، بەم هۆکارە سادەیە کە ئەم ڕژیمە بەهۆی پێکهاتەی مەزهەبی، بەهۆی دیفاع لە موناسەباتێک کە سەروەت و ئیمکاناتی بەشادی ژیانی لە کۆمەڵگادا هێناوەتە ژێر چنگی خۆی، ناتوانێ بێجگە لەوە بێت کەوا هەیە. بەڵام خەڵک ژیانی دەوێت و شادی دەوێت و تەوەقوع و چاوەڕوانیان لە ژیان جیاواز لەو شتانەیە کە موبەلیغانی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدان لە کۆمەڵگەدا بیچەسپێنن. بەم هۆیەوە هێرش و بەرەنگار بوونەوەی هەموو ڕۆژە لە ئاستی جۆراوجۆر لە بزوتنەوەی نارەزایەتیدا بۆ هێنانی شادی بۆ کۆمەڵگا واتا بەهرەمەند بوون لە ئیمکانات و پێداویستی ژیانێکی ئینسانی لە ئارادایە. درێژەی ئەم نارەزایەتی و خەباتە و پەرەسەندنی، بێگومان ڕێگای لابردنی کۆماری ئیسلامی وەک هۆکاری سەرەکی بەرگرتن لە شادی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئینسانی لە کۆمەڵگادا، فەراهەم دەکات

****